بەخشینی خەڵات بەهۆی پێشبڕکێوە تەنها ڕێگەپێدراوە لە کێبڕکێی: وشتر یان ئەسپ یان تیر هاویشتن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بەخشینی خەڵات بەهۆی پێشبڕکێوە تەنها ڕێگەپێدراوە لە کێبڕکێی: وشتر یان ئەسپ یان تیر هاویشتن».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بەخشین ودیاری شایستە نییە بەخشرێت مەگەر لە پێشبڕکێی وشتر وئەسپ وتیر هاویشتن نەبێت، چونکە ئەم شتانە بەکاردەهێنرێن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن، وئەم بەخشینانە هۆکارن بۆ هاندان بەرەو جیهاد وتێکۆشان وسەرخستنی ئیسلام، وباسکردنی وشتر وئەسپ وهەر ئاژەڵێکی تر دەگرێتەوە کە پێویست بێت بۆ جیهاد کردن بەهۆی خێراییانەوە یان بۆ هەر پێویستیەکی تر وەکو هەڵگرتنی چەک وتاقمی جەنگاوەرەکان، وهەر کەرەستەیەکی تر کە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن وسەرخستنی ئیسلام بێت لەم سەردەمەدا وەکو کەرەستە جەنگیەکان وهاوشێوەکانیان دەچنە چوارچێوەی ئەم فەرموودەیەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64640